لێکۆڵینەوەی زانستی فۆلکلۆر

«لە ئەوروپاو لە کوردستاندا»

● د . شوکرییە ڕەسوول ●

سەرنجدان لە مێژووی میللەتانی ئەم جیهانە ئەمان گەیەنێتە ڕادەیەك بۆ تێگەیشتن و وردبونەوە لەڕوی دروست بونیان و گەشە سەندنیانەوە ئەوەشمان دێنێتەوە یاد کە هەندێکیان ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو گەشەسەندن چون و هەندێکی تریشیان بە پێچەوانەوە هۆی ئەم گەشە سەندنەش دەگەڕێتەوە بۆ باری کارکردن لە هۆشیاری نەتەوەو لەناو چونیشی بە پێچەوانەوە ..

بێگومان مانەوەی ئەم میللەتانەو گەشە سەندنیان مێژویەکی دێرینی نووسیوەتەوە کە نیشانەی ڕابوردویان دیاری ئەکات لەگەڵ سەرهەلدانی ئەم میللەتانەدا کەلەپورەکەشیان ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی کردووەو چەند ئەو میللەتە پێشکەوتبێ کەلەپورەکەی دەوڵەمەند بووە .. دیارە ئەم درێژە پێدان و دەوڵەمەند بونی کەلەپورە ئەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵ تاقی‌کردنەوە کە بەدرێژایی مێژوی ئەو میللەتە لەڕوی سیاسەت و ئەدەب و یاساو فەلسەفەو هەموو زانیاری‌یەك کە سەرخانی کۆمەڵ دەگرێتەوە ئەو سەرخانەش لەگەڵ بارە ئابوری‌یەکەدا بناغەی مەسەلەکەیەو لە مێژوی کەلەپوری میللەتەکەدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ .

کەواتە «کەلەپوری نەتەوە مەسەلەیەکی مرۆڤایەتی و ویژدانی‌یەو کەسیەتی نەتەوەو بوونی مێژوی کۆن و ئێستاو داهاتویەتی کە دەلالەت لەخواست و ئامانجەکانی ئەو کۆمەڵە ئەکات»[1] یەکێك لەو مەرجانەی بوونی نەتەوە بوونی سامانی کەلەپورەکەیەتی و نەبونی کەلەپور بەشێوەی ڕەسەنایەتی نەبوونی نەتەوەیە ، کەلەپوری نەتەوە لەڕوی واتاو تێگەیشتنی و ئەتنۆلۆژیاوە ئەکرێ بەسێ بەشەوە :-

1 - کەلەپوری سەرزاری .

2 - کەلەپوری میللی .

3 - گێڕانەوە یاخود بیستنی لەگەلێکەوە بۆ گەلێکی‌تر .

کەلەپوری سەرزارەی و کەلەپوری میللی و گێڕانەوە ، ئەمڕۆ لە زۆربەی زۆری وولاتاندا زاراوەی فۆلکلۆریان بۆ بەکارئەهێنن بۆ یەکەم جار لەڕوی مێژوی‌یەوە زاراوەی فۆلکلۆر[2] لە کۆنگرەی «ئەرنیهایم - Arnhem» لە هۆڵندە ساڵی 1955دا دانی پیانراوە زانای ئینگلیزی «ولیەم تۆماس» لە ساڵی 1846دا ئەم ووشەیەی وەك زانستێك بەکارهێناوە[3] بەتایبەتی لە نامەیەکدا کە بۆگۆڤاری «ذی ائینۆم» «The Athenaeum»ی ناردبوو گەلێ لایەنی گرنگی فۆلکلۆری ڕونکردۆتەوەو لەگەڵ گرنگی بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە فۆلکلۆری پێناسە کردووە وەك زانستێك کە بریتی‌یە لە باوەڕی پوچ ، ئەفسانە ، داب و نەریتی کۆن کە لەناو هەموو میللەتێکدا بڵاو بۆتەوە ، گۆرانی سەرزارەکی پەندو قسەی نەستەقە .

ولیم تۆماس فۆلکلۆری لەگەڵ ئەتنۆگرافیا تێکەڵ کردووە . ئەم تێکەڵ‌کردنە بۆتە هۆی دروست‌کردنی کێشەیەکی زۆر لەو وولاتانەی کە فۆلکلۆریان بە کەلەپوری سەرزاری دائەنێن ئەگینا پێش ئەم دان نانە بەزاراوەی فۆلکلۆردا وشەی فۆلکلۆر هەبووەو مێژوویەکی کۆنیشی هەیە) تەنانەت هەندێ لە زانایان دەڵێن زاراوەی فۆلکلۆر وەرگێرانی ووشەیەکی ئەڵمانی‌یە کە «فولکسکندە»ی پێ دەڵێن . بۆ یەکەم جار لەلایەن زانای ئەڵمانی «ریبل[4] «Riel»»ەوە لە ساڵی «1806 - 1808»دا بەکارهاتووە . وولاتانی ئەسکەندنافیا[5] لەڕووی بایەخدان بە فۆلکلۆرو زانستی فۆلکلۆرەوە لە ڕیزی پێشەوەی میللەتان ئەژمێردرێن چونکە گرنگی‌یەکی زۆریان‌دا بە کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی هەموو بابەتەکانی فۆلکلۆرداوە . لەم ڕووەوە «برونر «Brunner»ی ئەڵمانی دەڵێ : فۆلکسکندە زانستێکە توێژینەوەی ئەدەبی سەرزاری گەل ئەکات یاخود یەکێکی وەکو شفیترنگ[6] دەڵێ : فۆلکسکندە توێژینەوەی ژیانی جوتیارە ئەڵمانەکان و کەلەپوری سەرزاری گەل ئەکات» .

شایانی باسە بە پێی ئەو دوو پێناسەی سەرەوە لەشیکردنەوەی زاراوەی فۆلکلۆردا ووشەی «گەل» «سەرزار» بەدی ئەکرێ ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە فۆلکلۆر لە وولاتە ئەسکەندنافیەکاندا بە کەلەپورە سەرزاری‌یەکە ئەوترێ کە دەماو دەم ئەگێڕێتەوەو خاوەنەکەی دیارنی‌یە ... بەلام لە وولاتە یەککرتووەکانی ئەمەریکا ئەم زاراوەیە ناوەڕۆکێکی گەلێ فراوانی هەیەو هەرکەلەپورە سەرزاری‌یەکە ناگرێتەوە بەڵکو فۆلکلۆر هەموو لایەنێکی هونەری میللیش ئەگرێتەوە وەکو «هۆنراوە - مۆسیقا - شایی - یاری - نەخش و نیگار - داب و نەریت - باوەڕی پروپوچ»[7] .

لەوولاتە سۆشیالیستەکاندا بۆ ئەم زاراوە یە «شاکاری شیعری سەرزای میللی یاخود «جوانکاری شیعری گەل»و «فۆلکلۆر»ەی پێ دەڵێن ...

گەل ئەو شاکارەی دروست کردووەو لەسەرووی هەموانەوە چینی زەحمەت کێش کەواتە لێرەوە گەیشتینە ئەوە کە لەوولاتە سۆشیالیستەکاندا فۆلکلۆر هەموو هونەرێکی میللی ناگرێتەوە بەڵکو بۆ هەر بابەتێك زاراوەی تایبەتی بەکار ئەهێنن وەك بۆ مۆسیقای خەڵکی زاراوەی مۆسیقای میللی بەکارنەهێنن .. بابەتەکانی فۆلکلۆر لە وولاتە سۆشیالیستەکاندا بریتین لە (پەندو قسەی نەستەق ، گۆرانی بە هەموو بەشەکانیەوە ، ئەفسانە ، مەلحەمە ، بلینا = قەسیدەی شیعری درێژ ، چیرۆك بە هەموو بەشەکانیەوە ، حیکایەت ، لاواندنەوە ، دەست‌گرتنەوە ، گاڵتەو گەپ ، مەتەل ، نوشتە ، درامای میللی) ، وەئەوەی ئاشکرایە پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر گەلێ زاراوە بۆ فۆلکلۆر بەکارهێنزاوە وەکو «سەرزاری میللی» یاخود «هۆنراوەی میللی» یا «هۆنراوەی سەرزاری خوڵقێنەری میللی» .

بەجێترین زاراوەی فۆلکلۆر دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر زاراوەی «شاکاری شیعری سەرزاری» یاخود شاکاری «خوڵقێنەری میللی یا «فۆلکلۆر» یان بەکارهێناوە وەلەم قۆناغەدا شاکاری سەرزاری نوێ کە شێوەیەکی کۆمەلی «هەرەوەزی» وەرگرتبوو وەك «گۆرانی جەماوەر شێوەیەکی تری وەرگرت سێ‌بەیتی ، حیکایەتی سەرزارەکی سەری‌هەڵدا وەزۆربەی زۆری گۆرانی‌یە «بۆنە میللی‌یەکان - المراسیم الشعبیة»و پیا هەڵخوێندن و شیعری ئایینی بەرەو کزی دەڕۆیشت[8] .

لەڕۆژ هەلاتیشدا بۆ ئەم زاراوەیە «زانیاری‌گەل» کەلەپوری گەل» - یاخود «فۆلکلۆر» بەکار ئەهێنن . لە سەر هەمان ڕێباز کە «ولیم تۆماس» گرتبووی ، واتە ئەم ڕێبازە هەمان ڕێبازە کە لە وولاتە سەرمایەدارەکاندا فۆلکلۆرو ئەتنۆگرافیایان تێکەڵ کردووە .

لە عیراقیشدا فۆلکلۆر یا «التراث الشعبي» بەکارئەهێنن[9] زۆربەی زۆری فۆلکلۆر ناسەکان کە لە زانستی فۆلکلۆر کۆڵیونەتەوە گەیشتونەتە ئەنجامێك هەندێکیان فۆلکلۆریان کردووە بە ئەدەبێکی سەرزارو بەستویانە بە کۆمەڵێ خەڵکەوە لە شێوەی سەر زاری یاخود نووسراودا ، هەندێکی‌تر هونەرە میللی‌یەکانیان گرتووەو بەشێکی تر یشیان کەلەپوری میللی‌یان بەکارهێناوە کەواتە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە هەروەك ووتمان بێ‌بەش‌نی‌یە لە ووشەی «میللی» یاخود «گەل» لەم بارەیەوە مەکسیم گۆرکی دەڵێ : «فۆلکلۆر هي گەلەو لەسەروو هەموویانەوە چینی ڕەنجدەرە لە لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆردا پێویستە ئەو کەسە شارەزایی‌یەکی تەواوی لەمێژووی کۆمەلایەتی و زانستی ئەدەب و مێژوو تیووری ئەدەب و ڕەخنەو زانستی زماندا هەبێ .

یەکەم هەوڵدانی لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆر ئەگەڕێتەوە بۆ پێش دەرکەوتنی ڕۆمانسیەت و سەردەمی دەرکەوتنی ڕۆمانسیەت کە هەستی نەتەوەیی لە گەشەسەندنا بوو دان بەبونی نەتەوەیی دائەنرا . زانایان بۆ یەکەم جار دەستیان بەکۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی بەشەکانی فۆلکلۆر لەسەر بناغەی

مجوانی ناسی کرد زانایانی ئەلەمانیا یەکەم کەس بوون کە ئەم ڕێبازەیان گرت بەتایبەتی یەکێکی وەکو «شیلینگ» و براکەی «شلیگیل» کە بەپسپۆڕو ڕابەری قوتابخانەی «میفەلۆژی» دائەنرێن . ئەم دوو برایە یەکەم جار دەستیان بە کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئەفسانەکرد ، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە کەیاندا ئەوەیان دەرخست کە «هەموو ژانرە جیاوازی‌یەکانی فۆلکلۆر سەرەتایی بۆ ئەفسانە ئەگەڕێتەوە»[11] هەروەها ئەوەشیان سەلماند کە «لەناو هۆنراوەدا ئەتوانرێ ئەفسانە بدۆزرێتەوە»[12] هەر بۆیە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا پەنایان بردە بەر دیاردەی زمانەوانی‌و توانیان زاراوە زمانیەکانیان بکەنە بنچینەی حیکایەتی خەراف . تیورەکانی شیلنگ لە ئەلەمانیا زۆر پەرەی سەندو چەندەها کەسی‌تر ڕێرەوی ئەم قوتابخانەیان گرت بەتایبەتی قوتابیەکانی «یاکوب گریم 1785 — 1863» و «د . فیلهم گریم 1787 — 1859» دەستیان بەکۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئەفسانەی ئەلەمانی[13] کرد . ئەم دوبرایە خۆیان بەکۆکردنەوەی گۆرانی ئەلەمانی‌و ئەفسانە خەریك کرد پاشان لە ڕێگای ئەو تێکستانەوە دەستیان بە توێژینەوەی زمانی میللی ئەلەمانی کرد لە ئەنجامیشدا توانیان فەرهەنگێك دابنێن‌و توانیان مێژووی زمانی ئەلەمانی‌و ڕێزمان‌و چیرۆك‌و داب‌و نەریت‌و پەندو قسەی نەستەق‌و یاساو دەستوری کۆنی ئەلەمانی‌و خاسیەتی نەتەوەیی گەلی ئەلەمانی لە ئەفسانەو گۆرانی‌یەکاندا بدۆزنەوە . لەکاتێکدا «یاکوب گریم» دەستی کرد بە بەراورد کردنی ئەفسانە میللی‌یەکان لەگەڵ ئەفسانەی ئەلەمانیا توانی گەلێ کتێب دانێ وەکو حیکایەتی منداڵ‌و خێزانی ئەلەمانیا 1812 — 1845و «ئەفسانەی ئەلەمانی 1830» و «حیکایەتی ئەلەمانی» بە ئەنجامی ئەم کارانەی ئەوەی سەلماند مێژوی ئەم ئەفسانانە بۆ مێژویەکی کۆنی ئایینی بگەڕێننەوە دوا بە دوای ئەم دوبرایە لەئەلەمانیا «شفارتز ، کوب جانهارت» دەرکەوتن ئەمانە زیاتر لە ئەفسانەیان کۆڵیەوە گرنگیان بە ناوەرۆکی ئەفسانەی گەلانی هیندو ئەورووپی داو گەلێ لێکۆڵینەوەی تازەیان خستە ڕوو وەهەریەکەیان ڕای تایبەتی خۆیان لە بارەی ئەفسانەوە دەرخست یەکێکی وەکو «کون» توانی لە ڕێگەی بناغەی زانستی زمانەوە ئەفسانە بدۆزێتەوەو کتێبێکی دانا بە ناوی «وشەی ئاگرو شەرابی خوایی» لێرەدا باسی ئەفسانەی پرۆمیشیوسی یۆنانی کردووە کە چۆن بە ڕێگەی پرۆمیشیوسەوە ئاگر کەوتۆتە سەرزەوی .. وشەی پرۆمیشیوسی گەڕاندۆتەوە بۆ کۆنترین ووشەی سانسکریتی .. پاشان ئەوەی دەرخست کە هەموو ڕەشەباو هەورە تریشقەو هەور ئەمانە لەئەفسانەدا هەیە .. ئەمە جگە لە پرۆمیشیوس‌و ئەفسانەی ترازیدیای یۆنانی کە یۆنانیەکان بە باپیرە گەورەی خۆیانی دادەنێن‌و پوختەی ئەفسانەکە ئەوەیە پرۆمیشیوس پارچەیەك لە ڕۆژی لەگەڵ خۆیدا هێناو ئەم ڕۆژە لە لایەن خاوەن بیرەکانەوە بەچەند شێوەیەك لێك ئەدرایەوە بەشێکیان دەیانگوت ئەو شێوەیە کە ئاینی ئاسمانییەکان «ئادەم» خواردی‌و لە بەهەشت دەرکراوە ، هەندێکی‌تر بەوێنەی «زانیاری» دائەنێن .. ئەفسانەکە ئەڵێ : «زیوس»ی خوداوەندی گەورەی یونان لە «پرۆمیشیوس» تووڕە بوو چونکە پارچە ڕۆژەکەی دزیبوو بەڵام هەندێك ئەڵێن : زیوس خۆی لە هەموو شت زیاتر لە «زانیاری» ئەترسا چونکە ئادەمیزاد وریا دەکاتەوەو وایان لێ دەکا لێی یاخی ببن ، بۆیە «زیوس» فەرمانی بە «هیفایستوس»ی خوای ئاسنگەرانی یۆنان دانا لە جێگای قەفقاس بە بەردێکی‌دا چەسپیوەوە ببیەستێتەوەو بزمار بەدەست‌و قاچیدا بکوتێ .. پاشان زیوس هەموو ڕۆژ ـ هەڵۆ ـ یەکی ئەنارد کە بەدرێژایی ڕۆژ جگەری ـ پرۆمیشیوس ـ ی ئیەخواردو بەشەو بەجێی ئەهێشت‌و جگەر لە خۆیەوە پەیدا ئەبۆوە .. سەر لە نوێ ـ هەڵۆ کە دەستی دەکردەوە بە خواردنی جگەرەکەی ـ پرۆمیشیوس ـ تا لە ئەنجامدا قارەمانێك بەناوی «هەرقل» پەیدابوو توانی پرۆمیشیوس ڕزگار بکات‌و تیرێکی نابە هەڵۆکەوە[14] .

ـ شفارتز ـ یش لە کتێبەکەیدا «ڕیشەی ئەفسانە» توانی هەمان ڕونکردنەوە بسەلمێنێ کە هەموو ڕەشەبایەك بابەتێکی سەرەکی‌یە لە ئەفسانەو هەمیشە کێشەیەکیش لە نێوان ڕوناکی‌و تاریکی‌دا هەیە» .

هەروەها هەڵگری ڕێبازی قوتابخانەی میفەلۆژی لە ئینگلترە «ماکس مۆلر» بوو . موللر سەرهەڵدانی ئەفسانەی ناو ناوە «نەخۆشی زمان» مەبەستی لەمە ئەو شێواوی‌و ڕسکانەیە کە لە ڕیشەی ووشەکەدا هەیەو مرۆڤی سەرەتایی بە تایبەتی باپیرانی گەلانی هیندو ئەورووپی سەرەتا بیرەکانیان بە ووشە دەبڕیوەو نەیانتوانیوە بیرێکی سادە دەربڕن‌و هەموو ووشەیەکیان بۆ زمانی سانسکریتی گەڕانەوتەوە کە کۆنترین زمانە .

ئەم کارانەی ماکس موللر لە ڕووی زمانەوانیەوە گەلێ

هەڵەیان تیابووە چونکە موللر لە سنورێکی زور تەسك ڕاکانی بڕیوە لەکاتی بەراوردکاریا ئەفسانەکانیشی بە شێوەیەکی تەسك گرتووە .

بەڵام لە ڕوسیادا هەر لە کۆتایی سەدەی هەژدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە دەست کرا بە لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆر ، ڕابەرانی ئەم ڕێبازەش «بۆسلاییڤ ، ئەڤانا سیڤ پریژوف ، خودیا کۆڤ ، میللر» بووە[15] لەم ڕووەوە ئازادۆڤسکی دەڵێ : ئەم زانایانە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا دوو ڕێچکەیان گرتبوو ڕێچکەی بورجوازی لیبرالی وەکو ـ بۆسلاییف ـ ئەڤاناسیف . ڕێچکەی یاکۆڤ ـ پریژۆڤ» ئەمانە لە ناو بەرهەمەکانیاندا چەندەها بیری جۆراو جۆریان دەربڕیووە .

ئاشکرایە کارەکانی ئەم زانایانە هەر یەکە بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە کردویانە توانیویانە گەلێ ڕوی ئەفسانە بخەنە ڕوو هەر وەك چۆن «یاکوب گریم» ویراسەی زمانی ئەڵەمانی کرد ، زاناکانی ئەم ڕێبازەی ڕوسیاش دەستیان بە لێکۆڵینەوەی زمانی ڕوسی لە ڕێگەی ئەو ئەفسانانەی کە کۆیان کردبونەوە کرد یەکێکی وەکو «پۆسلاییڤ» توانی لە کتێبەکەیدا «وتاری مێژوویی» ڕیشەی شیعرو ئەفسانە بۆ پێشکەوتن و پەرەسەندنی زمان بگەڕێنێتەوە بەڵام «ئەڤاناسییڤ» لە ڕێگەی ئەو تێکستانەی کەدەربارەی «خوو ڕەوشت و نەریتی جۆراوجۆ» کۆی کردبونەوە لە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەکەیدا توانی کێشەی ڕوناکی و تاریکی لە چیرۆك و گۆرانی و ئەفسانەو پەنددا د یاری بکات .

ئەوەی لەم «قوتابخانە میفەلۆژی» یەدا ئاشکرایە ئەوەیە کە هەرزانایەك لە ڕێگەی کارەکەیەوە توانیویە مێژوی کۆنی گەلەکەی بخاتە ڕوو . لە ئەنجامی بەراوردکاری ئەفسانە بە ئەفسانەو گۆرانی گەلانەوە تیئۆرێکی تازە دەرکەوت بەناونیشانی «تیئۆری لێوەرگرتن» یاخود «تیئۆری ڕۆژهەلات» ، ئەوەبوو لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم لە ئەوروپا گۆڕانێکی گەورە لە فۆلکلۆردا ڕویدا . بەهۆی ئەو گۆڕان و پێشکەوتنەی بەهۆی پەرەسەندنی بازرگانی و پیشەسازی ڕویدابووە هۆی دەرکەوتنی گەلێ بابەتی زانستی و دۆزینەوەی چەندەها دیاردەی زمان و ئاین و هونراوە ئەمانە دەستیان بە دۆزینەوەی ئەو لەیەك چوونەی کە لە ژیانی گەلانی ئەوروپاو ڕۆژهەلاتا ئەبینرێ کرد . ئەمەش لە ڕێگەی بەشەکانی فۆلکلۆرەوە بوو . بۆ نمونە زۆر جار چیرۆکی کۆن لای زۆربەی زۆری گەلان لەیەك ئەکات کەئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك ئە لێرەدا لێدوان لەو هۆیانە درێژە بەباسەکە ئەدات .

یەکەم کەس هەڵگری ئەم ڕێبازە «بەنەخی» ئەڵەمانی بوو کە توانی حیکایەتی میللی ڕۆژ هەلات وەرگێڕیو پاشان توانی ئەو لێکچوونە بدۆزێتەوە کە لە حیکایەتی سانسکریتی و حیکایەتی ئەوروپیدا هەیە . «بەنەخی» ئەوەی خستۆتە ڕوو کە لێکچوونی ئەم حیکایەتانە ناگەڕێتەوە بۆ خزمایەتی ئەم میللەتانە ، بەڵکو ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندی‌یە مێژوویی و شارستانیای کە هەیە ئەمەش لە ڕێگەی وەرگرتنەوە بووە ، ڕۆژهەلات کارێکی زۆری کردوتە سەر ئەوروپای ڕۆژئاوا بەتایبەتی لە ڕووی ئەفسانەوە ئەم لێوەرگرتنە بووە سەر هەڵدانی «تیۆری ڕۆژهەلاتی» .

یەکەم کارتێکردنی ڕۆژهەلات لە ئەوروپا لە ڕێگەی دەریای سپی‌یەوە بووەو پاشان لە ڕێگەی ئیسپانیاوە . دووەم ڕێگەش لە ڕێگەی عەرەبەکانەوە بوو کە لە ناوەڕاستی ئاسیاو ئاسیای بچوك «تورکیا» لە ڕێگەی بیزەنتی و جزیرەی بلقانەوە بۆ ئەوروپا چووە .. لە ئەسپانیادا عەرەبەکان و عیبری‌یەکان توانیان گەلێ حیکایەت وەرگێڕنە سەر زمانی لاتینی و پاشان ئەم وەرگێڕانە زۆر بلاوبۆوە بۆ گەلێ زمانی تروەك «فەرەنسی ـ ئیتالی ـ ئەڵەمانی ـ پۆلۆنی» . لە ڕوسیادا ـ پایپن ـ لە کتێبەکەیدا بە ناو نیشانی «مێژوی ئەدەبی حیکایەتی ڕوس 1858» توانی پەیوەندی ئەدەبی کۆنی ڕوسی بە ئەدەبی ڕۆژئاواو ڕۆژهەلاتەوە ببەستێ . لەم تیۆرەیەدا چەندەها ڕەخنە پەیدابوو لەلایەن «بۆسلاییڤ ، میللر ، شفانزر»وە ئەمانە توانیان یەکێکی وەکو «ستاسۆڤ» تاوانباربکەن بەوەی کەوتی : «بلیخای ڕوسی لە بنچینەدا هی گەلی ڕوسی نی‌یە بەڵکو لە ڕۆژهەلاتەوە وەرگێڕاوە» .

هەروەها ڕەخنەیەکی زۆر لە ستاسۆڤ گیرا بەتایبەتی لە کتێبەکەیدا بەناوی «یروسلان لازاریڤ» چونکە ئەم حیکایەتەی بە «شانامەی فیردەوسی» بەراورد کردوو وتی : ئەم حیکایەتە لە «ڕۆژهەلات بەتایبەتی لە فارسی‌یەوە وەرگیراوە» ئەم ڕایەی ستاسۆڤ دوور بوو لە ڕاستی‌یەوە چونکە ئەم حیکایەتە واتە «یروسلان لازاریڤ» حیکایەتێکی ڕەسەنی ڕوسی‌یە .

گەورەترین نوینەری «تیئۆری لێوەرگرتن» لە روسیادا فیسۆلۆفسکی بوو کە جێگایەکی تایبەتی لە مێژوی کۆن و نوێی فۆلکۆری رووسیدا گرت و گەیشە ئەو ئەنجامەی کە ئەو حیکایەتانەی هاتۆنە ناو حیکایەتی روسیەوە هەمووی رێگەی گەشتەوە» بوو کە لە هندییەوە بەرەو ئەوروپا هاتووە .

هەروەها لەئینگلتەرە لە ژێر کارتێکردنی رێبازی رۆمانتسی) کارەکانی «ریشارد دورسون» گرنگی پێدرا بەتایبەتی بە هۆی هێزی داگیرکردنەوەو هەر لەسالی 1813 تا سەرەتای سەدەی بیستەم ئینگلتەرە زۆربەی وولاتانی ئاسیاو ئەفەریقاو رۆژهەلاتی نزیکی داگیر کردبوو ، وەزۆربەی زۆری سەربازەکان لەم وولاتانەدا بلاوبوبونەوە لە ئەنجامی ئەو مانەویەیاندا گەلێ سودیان وەرگرت و کەلەپورەکەیان دەولەمەندکرد بەتایبەتی فۆلکلۆر . ئەنجامی ئەم پەیوەندییە رۆشنبیرییەو وەرگرتنە توانرا سالی 1878 کۆمەلگایەکی فولکلۆری بکەنەوە کەگرنگی بەکۆکردنەوەو لێکۆلینەوەی فۆلکلۆر بدەن یەکێکی وەکو «میللر ، کۆکسن ، لەم مەیدانەدا کەلکێکی زۆریان بەم کۆمەلگایەوە بەخشی .

سالانی 60 — 70ی سەدەی نۆزدەهەم بووە هۆی سەرهەلدانی گەلێ رێبازو قوتابخانەی نوێ لە مێژووی زانستی فۆلکلۆردا بەتایبەتی «قوتابخانەی ئەنثۆپولۆژی» رابەرانی ئەم قوتابخانەیە هەولی ئەوەیان ئەدا کە ئەو دیاردەیە لە روی لەیەکچوونی فۆلکلۆری گەلان و باری بایلۆژی و یەکێتی رەگەزی مرۆڤایەتی و باری دەرونی گەل و دەستورو یاسای کۆن ئاشکرا بکەن .

رابەرانی ئەم قوتابخانەیە لە ئینگلتەرە «تایلور» وە لە «اسکتلندە» «ئەندرو لانگ» بوو . تایلۆر لە کۆتایی سالانی «60»ی سەدەی نۆزدەهەم کتێبێکی بەناوی «لێکۆلینەوەی مێژوی مرۆڤی کۆن» نووسی لەم کتێبەدا «تایلۆر» باسی روناکبیری مرۆڤایەتی ئەکا لەسەرەتاوەو پاشان لەکتێبی «سەرەتای رو ناکبیری» دەیەوێ ئەو رایە بسەلمێنێ کە کە لێکچونێکی زۆر لە روی ژیان و خووڕەوشت و جوانکاری و هەست کردنی ئاین و هۆنراوە لە ناو میللەتاندا هەیە . ئەم رایە لەلایەن هەندێ زاناو توێژەرەوەی ترەوە بەر پەرچ درایەوە بەوەی کە زۆربەی تێگەیشتنی حیکایەتی ئاینی و شیعری گەلان و بیری مرۆڤ بارێکی تایبەتی دروست ئەکا «فروید» توانی لەگە لێک

چیرۆك و ئەفسانەی کۆن بکۆلێتەوەو ئەنجامیش پەرەگرافێکی دانا بۆشی کردنەوەی دەرونی مرۆڤ . هەروەها بۆ نمونە لە ئەفسانەی یونانی «ئۆدیب»دا ئەوە دەرئەخات کە هێمای راکێشانی رەگەز زۆر جار لە نێوان منال و دایکدا رووی داوە کەفتینی منال بۆ باوك بووەو ئەمەش بۆیە ناونرا «گرێی ئۆدیب» .

بەهاتنی «فریزەر» گۆرانێکی تازە روی داو چەندەها رای تازە دروست بوو لە کارە بەناو بانگەکانی دا . لە کارەکانی «فریزەر» دا ئەوە دەرئەکەوێ کە هەموو مرۆڤێك بیرێکی هەیەو یاسای پێشکەوتنی مرۆڤ هەمووی یەکەو هەموو مرۆڤێك بەچەند هەنگاوێکدا تێئەپەرێ و بەهەنگاوی شارستانیدا تێپەریوەو تارادەیەکیش پاریزگاری هەنگاوەکانی پێشوی کردووە . لەروسیاشدا زانایانی وەکو «کیریچنیکوف ڤیسولۆڤسکی» بەرابەری ئەم قوتابخانەیە ناسراون و بەتایبەتی یەکێکی وەکو «ڤیسولۆڤسکی 1837 — 1906» خاوەنی گەلێ بەرهەمە لەیەکێ لە کارەکانیدا هەولێکی زۆریدا بۆ تێگەیشتنی پاشماوە کۆنەکانی «یونان و روما» . فیسلۆفسکی گرنگی بەریشەی جۆرەکانی هۆنراوەدا بەتایبەتی «داستان لیریك دراما» لەم بەشە فۆلکلۆرانەدا رەگەزی ئاوازو شیعر دۆزراوەتەوە .

شایانی باسە بیرەکانی ئەم زانایانە شێوەیەکی میسالی «ئایدیالی» لێك ئەدرایەوەو لەلایەن رێبازە نوێ کەوە تووشی هەلەیەکی یەکجار گەورە بوو ... بەتایبەتی لە رێبازی «قوتابخانەی مێژوویی» دا ئەوە بوو یەکێکی وەك «فیسلۆفسکی» بەلێکۆلینەوەی کارەکانی توانی مێژووی رووس ببەستێت بەفۆلکلۆرەوەو سودێکی گەورەی لە داستان وەرگرت .

لە لایەکی تریشەوە هەندێکی وەکو مارکۆف - سۆکۆلۆف - ئاومان» خۆیان بەلێکۆلینەوەی داستان - وە خەریك کردو توانیان کارەکانیان لەگەل واقعیدا بگونجێن بەلام وەك سەرچاوەیەك ئەم قوتابخانەیە گرنگی بەمێژوو - داوە بۆ نموونە بەهۆی نیشانەکانی پرسیارەوە «کەی ، لەکوێ» زانایان توانیویانە بگەنە ئەنجامی کارەکانیان و روداوی سیاسی و کۆمەلایەتی بخەنە روو .

لەم قوتابخانەیەدا کارەکانی «میللر» جێگای سەرنجە کە هەموو مەسەلەیەکی فۆلکلۆری لەڕووی ناوەڕۆك و ڕوخسارەوە ڕوون کردۆتەوە بەتایبەتی لە «بلینای» ڕووسیدا ئەوەی خستۆتە ڕوو کە کۆچەرەکان ڕۆڵێکی گەورەیان لە گۆرانی و مۆسیقادا بینیوە .

ئەم قوتابخانەیەش بێ خەوش نەبووە یەکێك لەو ڕەخنانەی لەم قوتابخانەیە گیران ئەوەیە کە لە ڕووی تیئۆری کارکردنەوە نەیتوانیوە بگاتە ئەنجامێك و بنچینەیەکی ئەرستۆکراتی هەبووە و لە «جوانکاری» شیعری میللی نەگەیشتووە ، ئەوەی لەم قوتابخانەیە دا بەدی ئەکرێ ئەوەیە کە زۆربەی زانایان گرنگیان بە «داستان ملحمة» داوە .. نابێ ئەوەش لەیاد بکەین کە فینلندی‌یەکان لە ڕووی کۆکردنەوەی فۆلکلۆر بەتایبەتی مەلحەمەی میللی‌یەوە . هەنگاوێکی گەلێ گەورەیان ناوە .. بەتایبەتی مەلحەمەی «کالیفالا» کە بە سەرەتای ئەدەبی فینلندی ئەژمێرێ .

کالیفالا کۆمەڵە چیرۆکێکی شیعری‌یە ، یەکەم کەس کە هەوڵی کۆ کردنەوەی ئەم بەشە گرنگەی‌دا «ئەلیاس لوفردن»[15] بوو کە کارەکانی بۆ مێژوویەکی زۆر کۆنی فینلندی ئەگەڕێتەوە .. گەلی فینلندە شانازی‌یەکی زۆر بە مێژووی فینلندەوە ئەکات ، ئەمەش لە ڕێگەی فۆلکلۆرەکەیانەوە ★ بۆیە مەکسیم گۆرکی جوانی‌وتوە کە دەڵێ «گەورەیی مێژووی میللەت نازانرێ هەتا فۆلکلۆرەکەی نەزانرێ»[16] لەگەڵ سەر هەڵدانی قوتابخانەی «شۆرش - گێری دیموکراسی» لە وولاتە سۆشیالیستەکاندا فۆلکلۆر وەك زانستێك لە ئەدەب جیاکرایەوە .

یەکەم هەلگری ئەم ڕێبازە «بلینسکی»★ بوو .. کە بە چاوێکی مەوزوعی‌یەوە ڕوانی‌یە کە لەپووری میللی و ئەوەی دەرخست کە فۆلکلۆر ڕەنگدانەوەی باری کۆمەلایەتی‌یە شۆڕشگێری‌یە لەیەکێ لەبەرهەمەکانی «ئێستاتیکای میللی»دا بلینسکی کێشەیەکی زۆری تووش بوو لەگەل ئەوانەی کە بانگەوازی ، ڕەگەز پەرستی سلاڤیان ئەکرد .

چونکە ئەم هیچ شتێکی بەتێڕوانینێکی عاتفیانە وەرنەگرتبوو . ئەوەی شایانی باسە لەم قوتابخانەیەدا دوو جۆرە لایەنگیری هەبوو یەکێکیان ڕێبازی لیبڕالی کە لەگەل بیرەکانی ڕۆژئاوا تێکەڵ بوو بوو .. ئەوی‌تریان ڕێبازی شۆڕشگێڕی و نوێنەرەکانی «دۆبرۆلۆبۆف چیرینشیفسکی» بوو

ئەمانە هێرشێکی تیژیان کردە سەر لیبرالی‌یەکان و کارێکی گرنگیان لە جەماوەر کرد وەهەموو جوانکاری‌یە میللی‌یەکانیان لە نوسراوەکانیاندا ڕەنگی ئەدایەوە یەکێکی وەکو دۆبرۆلۆبۆف ئەوەی سەلماند کە لە فۆلکلۆرا یاسای چینایەتی کۆمەڵ بەدی ئەکرێ .

کەواتە لەگەڵ ڕەوتی گۆرانی سروشت و مرۆڤا فۆلکلۆریش لە گۆڕان و پێشکەوتن و پەرەسەندن و گەشەسەندنا بووەو زیاتر ئەدەبەسەر زارەکی‌یەکەی گرتۆتەوە تایلۆر گووتەنی :- فۆلکلۆر بابەتێکی سەر زارەکی‌یە نەوەیەك بۆنەوەیەکی‌تر ئەگێڕێتەوەو بەبێ ئەوەی ببەسترێت بەیەکێکی ناسراوەوە .. هەتا فۆلکلۆر ناسەکانیش دانیان بەم تەعریفە داناوەکە[17] :-

1 - فۆلکلۆر مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە .

2 - فۆلکلۆر ئەو پاشماوە هونەری‌یەیە کەدانەرەکەی نەناسراوەکی‌یە .

3 - بوونی هەموو بارێکی کۆمەلایەتی فۆلکلۆر ڕەنگ ئەداتەوە .

4 - شێوەی دەربڕین و تێگەیشتنی فۆلکلۆر زۆر ئاسانە .

5 - لەبەر ئەوەی فۆلکلۆر هەمیشە لە سەرزارە توانای مانەوەو بەکار هێنانی ڕۆژانەی هەیە .

6 - هونەری سەرزاری خولقێنەر ، هونەرێکی واقعی‌یە لە ناو جەرگەی کۆمەلا سەر هەڵ ئەدات .

7 - هەریەکە لەو بابەتە جیاوازانە لە ناو یەکدا ئەژی‌و بەکاردێت .

کەواتە گەیشتینە ئەوەی کە بلێین فۆلکلۆر واتایەکی گەلێ فراوانی هەیەو دەلالەت لە دیاردەیەکی لاسایی کردنەوە ئەکات کە لە واقعدا ڕوو ئەدات[18] بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی ئەم واتایە ڤان گنپ دەڵێ :- «فۆلکلۆر لێکۆلینەوەی هەموو ڕووداوێکی کەلەپووری میللی‌یە» وەئەوەشی ڕونکردۆتەوە کە فۆلکلۆر بریتی‌یە لە کەلەپورێکی تێکەلاوی جوتیارو ژیانی لادێ‌و وێنەی باری پیشەسازی‌و شارستانیەت ، لەم ڕووانەوە توانیمان ئەوەش بسەلمێنین کەکۆنترین کەلەپووری میللی سەر زاری لەگەڵ مرۆڤا سەری هەڵداوەو بەهۆی ئەم ئەدەبەوە ئەتوانین سەردەمی ئابوری‌و ژیانی کۆمەلایەتی

ـکەین کە بەژێرخانی هەموو کارێکك ئەژمێرێ لە پێش خستنی ژیانە کۆمەلایەتی یەکەدا .

کۆکردنەوەو لێکۆلینەوەی فۆلکلۆری کوردیش بۆ یەکەم جار لەدەرەوەی وولات دەستی پێکرد واتە هەر لە کۆتایی نیوەی یەکەمو سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم لە ڕوسیا بۆ یەکەم جار دەست بەلێکۆلینەوەی زمانی کوردیو دیالیکتەکانی کوردی کرا ئەویش لە ڕێگای کۆکردنەوەی تێکستی فۆلکلۆرەو بوو ، بەتایبەتی زانایانی ڕووسیو ئەرمەن وەك «ف ـ دیتیك ، خ ئابۆڤیان ، و لیرخ ، میللر ، ئاژابا یەگیزارەف» ئەمانە زیاتر بایەخیان بەکۆکردنەوەی ئەدەبی سەرزاری میللی کورد داوە ، بابەتی جیاوازی فۆلکلۆریان کۆکردۆتەوەو کەلەپووری کوردیان لەڕێگەی وەرگێرانەوە لە زمانی فەڕەنسی ئەلەمانی ، روسی ، گروزی ، ئەرمەنی ، دەولەمەند کردووەو بەگەلان ناساندووە .

ئەگەر چاوێك بەکارەکانی «پیوتەر لیرخ» دابگێرین ئەبینین یەکەم کەس بوو لە روسیا فۆلکلۆری کوردی لە دەمی کوردەکانی ئەرمینیا کۆکردەوەو لە کتێبە بەناو بانگەکەیدا [لێکۆلینەوە ـ دەربارەی کوردەکانی ئیرانو خالدی یەکانی باپیرانیان] گەلێ تێکستی فۆلکلۆری تیا بلاو کردۆتەوە هیچ شتێك نەبووە کە پیوتەر لێرخ ئاگاداری نەبووبێ دەربارەی ئەم گەلە خاوەن فۆلکلۆرە بەرزە هەتا زانایانی وەکو «بروسێ ، بیولێنگ ، دورن ، أولنگ» لەئەتروحەکانیاندا دەست نیشانی کارەگرنگەکانی پیوتەر لیرخ یان کردووەو نووسیویانە :ـ هیچ گەشت کەرێك نەیتوانیوە لەو کاتەدا ئەوەندەی پ . لیرخ کاری گەورەو بەنرخ دەربارەی فۆلکلۆری کوردیو مێژوویان پێشکەش بکات .

پ . لیرخ یەکەم ئەورووپی بووە بەردەوام لەگەل گەلی کوردا ژیابێو تێکەلاو بووبێ لە بارەی «جوگرافی ـ ئیتنۆگرافیو زمانەوانیو مێژووی گەلی کوردی» نووسیوە .

نووسینەکانی لێرخ هەمووی بە شێوەی کرمانجی ژووروە بەتایبەتی شێوەی زازاو لە دەمی کوردەکانی «ماردین ـ جزیرێ ـ دەرسیم ـ موش ـ دیاربەکر ـ ئورفە ـ خارپوت ـ ئەرزەرووم» وەرگرتووە .

سالی 1836 — 1869 ئەلیکساندەر ژاپا ، قونسولی ڕووسی لە تورکیا .. لە ڕێگەی .. کاروباری دبلوماسی یەوە لە ئەرزەڕووم دەستی کرد بەفێربوونی زمانی کوردی بە یارمەتی مەلا مەحموودی بایەزیدی کە کاتبێکی بەناو بانگی بووە ... ئەو ماوەیەی لە تورکیادا مایەوە گەلێ فۆلکلۆری کوردی کۆکردۆتەوەو توانی ئەرشیفی کۆڕی زانیای ڕووسیا بەتایبەتی نامەخانەی «سالیکوف شیررین» بەو کۆمەلە دەستنووسەی دەربارەی ئەدەبو زمانو فۆلکلۆرو ئەتنوگرافیای کورد دەولەمەند بکا ، بەشی مێژووی فیلۆلۆژیای کۆڕی زانیاری ڕوسیا لەسەر بڕیاری ن . ماریا بزی 1911 توانی یەکێك لە قوتابی یە چالاکەکانی بمێرێتە ئەرمینیاکە «ئا . ئوربیلی» بوو بۆ کۆکردنەوەی فۆلکلۆری کوردیو ئەرمەن . ئوربیلی ماوەی سێ مانگ لەناوچەی وان ، مەکسی مایەوەو گەلێ تێکستی فولکلۆری وەکو «حیکایەت ـ پەند ـ گۆرانی ـ مەتەل» کۆکردەوە کۆکردنەوەی بابەتەکانی فولکلۆر ب ەشێوەیەکی گشتی بۆ دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەگەڕێتە ئەوەبوو زاناکانی سۆڤیەت گرنگی یەکی چاکیان دابەکۆکردنەوە دوا لیژنەیەکی کارامەیان لە زانا کوردو ئەرمەنیەکان پێك هێناو ناردیانن بۆ دێهاتەکانی کوردەکانی ئەرمینیا بەتایبەتی سالانی 1931 — 1933, — 1934» .

لیژنەکەش لەم نووسەرانە پێك هاتبوو «جەردۆیە گەنجۆ ، ئاجی یە جندی ، کارۆ زەکەریا» .

سەرۆکی لیژنەکەش «ئاستۆر خەجە تۆریان» بوو ئەم لیژنەیە بە ناوچەکانی (تالین) ئەپاران ، ڤانار ، شاپانی» . گەران . لە ئەریڤان دوو زانای کوردیان لە بیژنەکە هەلبژارد ئەویش «ئەمینی عەبدالو حاجی جندی» بوون ئەمانە توانیان کتێبێك دەربارەی فۆلکلۆری کوردی بلاو بکەنەوە واتە «حاجی جندیو ئەمینی عەبدال» توانیان لەسالی 1936 کتێبێکی فۆلکلۆری لە ژێر ناوی «فولکلۆرا کرمانج ـ یەریڤان 1936» دەربکەنو زۆربەی زۆری بابەتەکانی فۆلکلۆری کۆ بکەنەوە .. لێرەدا ئەوە ئاشکرا بوو کەزاراوەی فۆلکلۆر پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر زاراوەی ئەدەبی سەرزاری خەلکی بوو بەلام دوای شۆڕش کوردەکان هەمان ڕێڕەویان لەگەل ئەدەبی سەرزاری گەلی سۆڤیەتا گرت .

گرنکی دان بەفۆلکلۆرو زانستی فۆلکلۆری کوردی لە یەکیەتی سۆڤیەت لە باکۆو لێنگرادو مۆسکۆو یەریڤان لەلایەن سۆڤیەتی یەکانو کوردەکانەوە بایەخێکی زۆری پێدراوەو لە هەموو ژانرەکانی فۆلکلۆریان کۆلیوەتەوەو هەندێکیان پلەی

بەرزی‌و دەخۆرایان لە بابەتێك لە بابەتەكانی فۆلكلۆردا وەرگرتووەو [19] گەلێ كادرو پسپۆڕیان پێگەیاندووە كە لێكۆڵینەوەی زانستی بكەیەنە چاپكرن[20] . شایانی باسە هەر لە نێوان سالانی (1935 — 1950) لەسەر زاری كوردی سۆڤیەت مامۆستا كوردۆییشی خۆی ژمارەیەك تێكستی فۆلكلۆری جۆراو جۆری تۆماركرد[21] ئەمەلەیەكیەتیلا سۆڤیەت بەلام لە ئەوروپا لە كۆتایی سەدەی هەژدەو سەدەی نۆزدە دەست بە كۆكردنەوەی فۆلكلۆری كوردی كرا ، ئەو بەرهەمە فۆلكلۆریانەی كە كۆیان ئەكردنەوە بریتی بوون لە بەشێك لە بەشەكانی فۆلكلۆرو بەناوی خۆیەوە ناو ئەنرا چ گۆرانی چ ئەفسانە پەندو قسەی ئەستەق ، چیرۆكەو مەلحەمە .. هتد ..
بۆ نموونە : زانای سویسرەیی «ئەلبەرت سۆتسین» (— 1896 1844) بەهاوبەشی لەگەل ئیگین پریم دالە 1901 تاسالی 1903 لەسەر فەرمانی خاوەن شكۆ ئیمپراتۆری دەولەتی ئەلەمانی بۆ لێكۆڵینەوەی شێوەی موكری «ئوسكارمان» ئێرایە ئێران لە ماوەی ماوەیەدا بەیارمەتی «مظفر الدین» شای قاجار توانی گەلێ بەیتی كوردی لە زای‌كوردەكانی ئەو ناوچەیە كۆبكاتەوە سالی 1906 — 1909 لەبەرلین توانی ئەو تێكستانە بەچاپ بگەیەنێ بەناوی «تحفه مظفرية»ی سەر رێنوسی كوردی» ـ ئەم تێكستانە بە پەیتی عەرەبی‌و لاتینی‌و وەرگێرانی بۆ كوردی بلاوكردۆتەوە .. ئەم كارەی ئۆسكارمان كارێكی بێ هاوتایەو توانیویەتی سامانی فۆلكلۆری لە فەوتان رزگار بكاو بیكاتە كەرەسەیەكی یەكجار بەنرخ بۆ لێكۆڵینەوەی زمان‌و بەراوردی لەگەل رەوتی پێشكەوتن‌و سەردەمدا .

كەواتە تاكو ئێستا لە ئەوروپای رۆژ ئاوا كتێبێك دەرنەچووە هەموو بەشەكانی فۆلكلۆری كوردی گرتبێتەوەو كۆ كردنەوەی تێكستی فۆلكلۆری دراو زروف لەباری خوێندەواری بووە هۆی بایەخدان بە لێكۆڵینەوەی زمان‌و ئەدەب‌و مێژوو چاپ كردنی ئەو بەرهەمانە ئەوانەی خۆیان بە كۆكردنەوەی ئەم بابەتە خەریك كرد ئەگەڕێتەوە بۆ سالانی (1933 — 19938)[22] ئەگەر زیاتر وردبینەوە لەم بارە مەوزوعی‌یە لە بارەی گەلی كورد ، ئەبینی كوردستانی عێراق بووە مەلبەندی بزوتنەوەی رۆشنبیری بەتایبەتی دوای شۆرشی چواردەی تەموز گۆرانێكی گشتی لە ژیانی عێرا قدا بەهەموو نەتەوەو كەمایەتی‌یەكانەوە رویدا .

ئەدەب بەروخسارو ناوەرۆك گۆرا فۆلكلۆرو كەلەپوری نەتەوایەتی بوژایەوە گەلێ نووسەرو چیرۆك نووس‌و شاعیری لاو دەركەوتن گەلێك لێكۆڵینەوە لەم بابەتانە پەیدابوو .. گەلێ مامۆستاو شارەزایانی كورد دلسۆزانە كەوتنە كۆكردنەوەو لێكۆڵینەوەی فۆلكلۆرو بابەتەكانی بۆ یەكەم جار ووشەی فۆلكلۆر وەك زانستێك هاتە ناو ئەدەبەوەو بۆ ئەدەبە سەرزاری‌یەكە بەكار هات كە هەموو بەشەكانی فۆلكلۆری گرتەوە ووشەی «فۆلكلۆر» یەكەمجار لەگۆڤاری «شەفەق»ی ژمارە دوو سالی یەك 1958 لە ژێرناو نیشانی «كوردو فۆلكلۆر» لەلایەن مارف بەرزنجی‌یەوە بلاوكرایەوە[23] گەلێ نووسەرو شارەزایان دوابە دوای سالی 1960وە بۆ زاراوەی فۆلكلۆر زۆر جار زاراوەی «شاكاری شیعری سەرزاری میللی»و «كورد دەلێ» یاخود «فۆلكلۆر» یان بەكار هێناوە .. بەلام ژانرەكانی فۆلكلۆر بۆ یەكەم جار لەلایەن محمد توفیق وردی‌یەوە[24] لە كتێبێكدا بلاوكرایەوە .

شایانی باسە گەلێ ووتارو لێكۆڵینەوەو كتێب دەربارەی بەشەكانی فۆلكلۆری كوردی دەرچوون كە هەریەكە جێگای خۆی لە رووی مێژووی لێكۆڵینەوە یاخود كۆكردنەوە گرتووە[25] بەلام لەناو ئەو كارانەدا كەجێگای سەرنجی ئەو كتێبەی كە لە لایەن یەكێتی مامۆستایانی لقی هەولێرەوە لەژێر ناوی «سەرنجێك لە دەروازەی فۆلكلۆری كوردەوە»[26] بلاوكرایەوە شوێنێكی تایبەتی هەیە ئەوەی سەرنجی ئەم كتێبەدا بۆی دەرئەكەوێ ئەو بابەتانەی لەم كتێبەدا كۆكراوەتەوە هەر بریتی نی‌یە لە ئەدەبە سەرزاری‌یەكە بەلكو لەگەلێ بابەتی «ئەنثوگرافی»دا تێكەل كراوە .

واتە جل‌و بەرگ‌و قاپ‌و قاچاغ ، ویژە نیگار ـ یاری‌یەكان ـ سازو ئاواز ـ لەبەركردن‌و رازانەوە خۆراك ـ ئامێری دروست كەرو بەرهەم هێنەر ـ نەریتی كۆمەلایەتی ـ كاسەو كەوچك ـ تیمار كردن ـ باوەری كۆن ـ خانەسازی ـ راوو چەك ـ پیشەكان ـ كەل‌و پەلی ئاژەل ـ ئەستێرەوانی‌و كەش بۆ نموونە لەبەش دووەمدا بە ناوی «نیگار» ئەبنیین بەفۆلكلۆر دانراوە كە نیگار هەرچەندە كۆن بێت بەشێكە لە بەشەكانی هونەری میلل‌و فۆلكلۆر ئەدەبێكی سەرزاری‌یە بەلام نیگاری سەر بەرە سەر پۆپەشمین‌و حاجم‌و گۆرەوی‌و دیوارو بەرمال‌و مافور پانی بەرزو سینی‌و پەنجەرەوە بێجگە لە نیگار ئاوازەكانی سازییش بە فۆلكلۆریان داناوە وەكو «شمشال» تونەك ـ بلوێر ـ زورنا ـ بالەبان ـ تەپل ـ دوردگ (چەشنە

تەپنکە) ـ دەهۆل ـ کەرەنا» .

هەروەها ئەوانەی پەیوەندی بە شتومەکی لەبەر کردنو .. نەوە وەهەیە وەکو کەوا ـ کراس ـ وەسـال ـ کوڵوانـە ـ ەچك ـ سەرپۆش ـ فیست ـ سەرو پێچو سوخمەی قۆڵدار ـ سوخمەی بێ قـۆڵ ـ پشتێنو ئـاوەل کـراس ـ گـۆرەوی ـ چرشێوە ـ تاری بوکێنی بـەنەخـۆین ـ کەوشی پـانی بەرز ـ کلاش ـ سەڵتـە ـ سوخمـە . ئەوانـەی بۆ ڕازانـەوە بەکـار هێنـراوە ـ قشڵ ـ کـرمەك ـ پـەروانـە ـ لاگێـرە ـ دوگمـەو ـوڵاب ـ لوتەوانە ـ غەزێم ـ بازی بەنگ ـ ژێرچەمە ـ ئەلقەو قولاپ ـ لوولەو زنجیر ـ بازان ـ گۆیی دەست ـ پشتەسەرە ـ سەرو پەرچەم ـ گوڵ ـ گوارە ـ حێڵو میخەك ـ عەشق‌بەند ـ گۆبەرۆك ـ گەردانە ـ کورتە پۆبلە ـ گێل گێلە ـ تاسو کڵاو ـ هەیاسە ـ کەمەرە ـ قاپ قورئان ـ دەرزیلە ـ کڵاوزەڕ .

هـەروەها ئـارایشو خۆ جـوان کـردنی ژنـانیش یـان بەکارهێناوە وەکو خەنەو وەسمە ـ سوراو سپیاو ـ نیمەشۆر ـ سابونی سەرکەف ـ لفکە لولەکە ـ گڵە سەر ـ کلو کـل‌تور ـ گولاو ـ خاڵ کوتان ـ پرچ هۆنینەوە ـ ملوانکەی بـۆنو بەرام ـار ـ پشتێنی سەر بە هێلکە .

هـەروەها لە نـاو کتێبەکـەدا دەربارەی جـلوبـەرگی پیاوانیش نوسراوە «کەوا ـ سەڵتە ـ ڕانگو چۆغە ـ سەرو پێچ کـڵاو پشتێن ـ شـەروالو مراخـانی ـ کـراسو فـەقیانـە ـ سـوخمـە ـ کـلاش ـ گـۆرەوی ـ دەست کیش ـ کلێتـە ـ پەستەك ـ فەرەنجی کۆڵەباڵ» .

گەلێ بابەتی تریش لە نـاو کتێبەکـەدا ئەبینـرێ کەبـە هەمووی بەئەنتوگرافیا دائەنرێ ...

ئەویش بریتی‌یە لە ژیانی «ماتەری ـ مادی» گەلو ئەدەبە سەرزاری‌یەکە ناگرێتەوە ، بێجگە لەم کتێبە کتێبێك بە نـاوی «چەند مەلۆیەك لە شـارای فۆلکلۆری کـوردی بلاو کـرایەوە مامۆستا بەلازنجی لەم کتێبەدا کەوتـۆتە هـەمان گێـژاوەوەو گۆرانی‌یە فـۆلکلۆری‌یەکـانیشی تەخمیس کـردووەو لە لاپەڕە «33»وا هـەمان ڕێبـازی گرتـووە کە لە کتێبی «سـەرنجێك لە دەروازەی فـۆلکلۆری کورد»ەوە وتـراوە هۆی سـەرەکی ئەم تێکـەل کردنـەی فۆلکلۆر یـە ئەنتـوگرافیـاوە ... بـەڕای من ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو کەسانەی خۆیان بەکۆکردنەوەی ئەم بابەتەوە خەریك کـردووە فۆلکلۆریـان کردووە بـەکارێکی پیشـەیی‌و لە بـابـەتـەکـانی فـۆلکلۆریـان وەك زانستێـك نەکۆلیوەتەوە .

شایانی باسە بـاشترین لێکـۆڵینەوە لەسـەر فۆلکلۆری کوردی تا ئێستا کرابێ لە کارەکەی د . عیزەدین‌و موستەفا دایە کە لە ژێر ناوی «الواقعیة في الادب الكردي»ی نووسیوەو هـەروا «لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی» ئـەم کتێبەی دوایی دەربارەی زۆربەی هەرە زۆری بەشەکانی فـۆلکلۆری کوردی‌یە ـ دکتۆر بۆ هەڵبژاردنی ژانرەکانی فۆلکلۆر هەمـان ڕێبازی گرتووە کە لە وولاتە سۆشیالیستەکاندا پەیڕەو کراوە ، ئێستاش زۆربەی زۆری نووسەرەکانمانبابەتە سەرزاری‌یەکە بەکار ئەهێنین «30» لە کوردستانی ئێراندات گەلێ فۆلکلۆرستی بەناو بانگ چالاکانە کەوتنە کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی بەشەکانی فۆلکلۆر چ بەڕادیۆ چ لەڕێگەی چاپ کردنی بەرهەمەکانیانەوە فۆلکلۆریان بەخەڵکی ناساندووە بۆ نموونە . د . محمد موکری کوردی ئێران بووە دەربارەی گۆرانی کوردی کتێبێکی بە چاپ گەیاندووە لە ژێر ناو نیشانی «سترانەهای کوردی» کە لە زاری کوردی ناوچە جیاوازەکانی کوردستانەوە کۆی کردونـەتەوەو بەلوڕی‌و شێوەی کـرمانجی خـوارو» وە پیشەکی‌یـەکی زۆر جوانی بۆ کتێبەکەشی نووسیوە .

بێجکە لە د . محمد مامۆستا «قادری فتاحی قازی» لەم سالانەی دواییدا دەستی بە چاپ کردنی گەلێ داستانی کوردی کرد . وەك میهرد وەفاو شێخ فەرەخ‌و خاتو ئەستێ گەلێ ووتاری تریش دەربارەی [پەندی پێشینان‌و ئیدیـومەی کـوردی] بلاو کردەوە هەروەها عزیز ئاسفی «فەقێی تەیران‌و مەنـظومەی شێخی سەنعانی» وەرگیراوە .. هەروەهـا عبدالله ئـەیوبیـان داستانی «چریکەی خەج‌و سیامەند»و داستانی مەم‌و زین» و هـەروەها ووتـارێك دەربـارەی «فەرهـەنگی کـوردی‌و لاس‌و خەزال» کە لەم دوایی‌دا لە گـۆڤاری «نشـرية ادبیـات وعلوم انسانی» چاپ کراوە ...

بێجگـە لە کوردەکـانی «ئەمـین قولی ئـەمین»ی فـارسی سەرۆکی ڕۆژنامەی ئەسفەهان یەکەم ئێرانی ناس بووە لە ناو ئێرانی ناسەکاندا ئاوڕی لە فۆلکلۆری کوردی داوەتەوە گەلی فـۆلکلۆری لە کوردەکـانی موکـری‌و لوڕی وەرگرتـووە بەلام بەداخەوە تاکو ئێستا ئەم کـارەی خراوەتـە ژێر چـاپەوە کـە دەربارەی پەند پێشینانە»[31] . کەواتە گەیشتینە ئەوەی کە بڵێین بەشەکانی فۆلکلۆر بریتین لە :

پەندو قسەی نەستەق ـ گۆرانی بە هەموو بەشەکانیەوە ـ مەلحەمە ـ حیکایەت ـ چیرۆك ـ هۆنراوە ـ لاواندنەوە ـ گاڵتەو گەپ ـ مەتەڵ «پیا هەلخوێندن ـ ستایش» دوعاو نوشتە ـ دەست گرتنەوە .

ئەم بەشانە دەماو دەم ، پشتاو پشت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی‌تر ئەگێڕێتەوەو گەل پارێزگاری لە مانەوەی دەکا .. کەرەسەیەکی یەکجار دەولەمەندیشە بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوو ـ زمان ـ کەلچەرو ئابوری کورد هەولدان‌و بایەخدان بە کۆکردنەوەو توێژینەوەی ژانرەکانی فۆلکلۆر بایەخدانە بەدەولەمەندکردنی زمانی کوردی‌و مێژووی لە هەموو بارێکی کۆمەلایەتی سیاسی‌و ئابووری لە هەمان کاتا فەلسەفەی گەلی کوردمان بۆ دەرئەکەوێ .

«سەرچاوەکان»

1 ـ طراد الكبيسي : الموسوعة الصغيرة ـ التراث العربي كمصدر في نظرية المعرفة والابداع في الشعر العربي الحديث ـ بغداد ـ 1978 ص 3 .

2 ـ فۆلکلۆر : وشەیەکی ئینگلیزی‌یە ـ بریتی‌یە لە دوو وشە : فولك = گەل ، لور = زانیاری واتە «زانیاری گەل» ئەم وشەیە لە هەر ولاتێکی ئەورووپادا بەو جۆرە بەکار هێنراوە : ئەلەمانەکان : بەزانیاری جوانکاری گەلی‌دا ئەنێن ـ فەرەنسی‌یەکان بە پەندی گەل یاخود حیکایەتی میللی بڕوانە «یوری سوکولوف» الفولكلور وقضايا تأريخية ـ ترجمة حلمي شعراوي وعبدالحميد جواس قاهرة 1971 ص 17 .

هەروەها بە عەرەبی کەلەپووری میللی یاخود فۆلکلۆری پێ‌دەلێن .

3 ـ 3 — Alan Dandes. The Stady of folklore Prentice — (Z) Han nec Enqle Wood d.ff. N.T 1965. P. 4 — 6

4 ـ ریێل Rienl ـ زاناو فۆلکلۆر ناسی ئەلەمانی‌یە لە مێژووی کەلەپووری میللی ئەڵەمانی کۆڵیوەتەوەو خاوەنی چەندەها کتێبە دەربارەی ئابوری ، سیاسەت ـ فۆلکلۆر لەیەکێك لەو تێکستانەی کە لە دانیشتگای میونیخ ساڵی 1858 دا وتویەتی‌یەوە بەگەرمی‌یەوە ڕێبازی سوسیولوژی گرتبوو ... دانی بەوەدانا (فۆلکسکندە) زانستی‌یەکی کۆمەلایەتی‌یە .

5 ـ وڵاتانی ئەسکەندنافیاواتە «فنلندە ـ سوید ـ نەرویج» وڵاتانی ڕۆژ ئاوای ئەورووپا .

6 ـ شفیترنگ : 1884 زانایەکی فۆلکلۆر ناسی ئەلەمانی بوو هەلگری ڕێبازی سۆسیالوژی تازەیە ، هەروەها خاوەنی چەندەها لێکۆڵینەوەی زانستی‌یە دەربارەی بەشەکانی فۆلکلۆر .

7 ـ ن ـ ی کراتسۆن ـ شاکاری شیعری میللی روسی موسکۆ 1971 ـ بەزمانی روسی .

8 ـ ن ـ گ بەکاتیرۆف ـ شاکاری شیعری میللی روسی / موسکۆ 1954ل 3 ـ بەزمانی روسی .

9 ـ فۆلکلۆر : لەلایەن «محمد صالح» بۆ وشەی فۆلکلۆر چوار زاراوە دانراوە کەلەپوری گەل ڕۆشنبیری میللی ـ خلقیات ـ فلقیات ناوبراودەلێ «خلقیات»ی عەرەبی بەرامبەر زاراوەی فۆلکلۆری ئەورووپی‌یە ... لەبەر چەند هۆیەك ئەوە کە فۆلکلۆر ئەورووپی‌یەکان دروستیان کردووەو لەعەرەبیان وەرگرتووە یا بە پێچەوانەوە ـ بڕوانە التراث الشعبي ـ العدد / 7 ـ بغداد 1977 التراث الشعبي ـ العدد الاول ـ بغداد 1978 ص 7 .. شایانی ڕونکردنەوەیە نوسەر کەوتۆتە هەلەو گومانەوە ... هەڵەکە لەوەدایە کە لە بنچینەدا فۆلکلۆر وشەیەکی ئینگلیزی‌یەو پەیوەندی بەزمانی عەرەبی‌یەوە نی‌یە وە وشەی فلقیایش پڕ بەپێستی کەلە پووری میللی نی‌یە .. بگرە هەتا وشەی (خلقیات) یش .

10 ـ میر فەلوژی : لێکۆڵینەوەی زانستی ئەفسانە .

11 ـ کورتە ئینسکلۆبیدیای ئەدەبی ـ مۆسکۆ 1970 ل 33 ـ بەزمانی روسی .

12 ـ تیئۆری ئەدەبی ڕۆمانسی ئەڵەمانی 1934 .

13 ـ یوری سەکۆلۆف ـ فۆلکلۆری ڕوسی ـ مۆسکۆ 1941 ل 42 بەزمانی روسی .

ماکس موللر : زانایەکی زمانەوانیە . بەڕەگەز ئەڵەمانی‌یە ... بەلام زۆربەی ژیانی لە ئینگلتەرەدا بەسەر بردووەو لەدانشگای ئوسکفورد ـ بووە هەموو بەرهەمەکانی بەزمانی ئینگلیزی‌یە یەکێ لەبەرهەمەکانی بەناوی «وتارێکی بەراوردکاری میفەلۆژیاو زانستی‌زمان .

14 ـ د . عیزەدین مستەفا ـ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ـ بەغدا 1970 .

15 ـ م ن ـ ئازادۆفسکی ـ مێژوی زانستی فۆلکلۆری ڕووسی موسکۆ 1958 ل 33 بەزمانی روسی .

* ئەفاناسیف ـ 1826 — 1871 .

16 ـ د . احمد علي مرسيٰ مقدمة في الفولكلۆر ـ قاهرة 1976 ـ ص 17 .

* کۆ کردنەوەو لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆر فیلندی بۆپێش دامەزراندنی وڵاتەکە ئەگەرێتەوە کە نزیکەی پێنج سەدە لە ژێر دەستی وڵاتی سویدابوو ، ئێستاش بۆ لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی فۆلکلۆر چەندەها کۆمەڵگا کراوەتەوەو فۆلکلۆری گەلەکەیان بەمیللەتانی‌تر بەراورد ئەکەن‌و گەلێ ئەرشیفی فۆلکلۆریان کردۆتەوە کەبە گەورەترین ئەرشیف دەژمێرێ لە جیهانداو گرنگی‌یەکی زۆریان بەزیندو کردنەوەی مەلحەمەی «کالیفالا» داوە .. تەنانەت دەڵێن مال نیە پارچەیەك لە ئاوازی ئەم مەلحەمەیەی تیانەبێ .

17 ـ مەکسیم گۆرکی دەربارەی ئەدەب ـ وتاری ڕەخنەی ئەدەبی ـ گۆڤاری نوسەری سۆڤیەت ـ مۆسکۆ 19055 ل 738 [بەزمانی

مروسی] .

• بلینسکی : یەکێکە لە نووسەرە پێشکەوتن خوازەکانی روسیای سەدەی نۆزدەهەم یەکێکە لەو فەیلەسوفە رەخنەگرە بیر دەولەمەندانەی کە هیچ هەلێکی لە دەس خۆی نەداوەو یەکسەر دەربارەی نووسیوەو لەسالی 1835 — 1839 چالاکانە دژی ئەوانە ئەدوا کەرەخنەیان لە بیرو باوەڕو «باو»ی کۆن ئەگرت و نەیسەلماند کە پێویست بەوە ناکات هەولی گۆڕینیان بدرێبەلکو ئیەبێت هەلوێستی وایان بۆ گەلالە بکرێ کەوردە وردە خۆیان نەمێنن بلینسکی لە 1840دا هەستی بەهەلەی خۆیکرد .

هەلەکانی خۆی خستە ڕوو وەنووسی «والەخەوە ترسناکە خەبەرم بۆوە کە بیرکەوتنەوەیم لەلاستەمبوو ئەو زمانە لال بێ کە هەول ئەدات لەسەر پایە پەرستی - بی ئاینی - بێ ئابرویی - بێ هۆشی - واتە ئەو شتانەی ئەبنە هۆی چەوساندنەوەی مرۆڤایەتی ، ئەگەر منیش وابم و لەسەر ئەمە زمانم ببڕن گلەیی ناکەم» ئەم ئازایەتی یە وای لە بلینسکی کرد کە ببێتە ئالایەکی هەمیشە شەکاوەی ئەدەبی ڕووسی .. هەتا لەیەکێ لەو دوانەی کە لەنێوان بلینسکی و گۆگۆلدا ڕووی دا بلینسکی دەلێ : «وولاتی پێویستی بە وریا کردنەوەی هۆش و هەستی گەل هەیە ، پێویستی بەوە هەیە گەل هەست بەکەرامەتی مرۆڤایەتی بکات ئەو کەرامەتەی کە چەندین ساڵە دۆڕاندندوێتی و بزری کردووە ، گەل پێویستی بەوە هەیە دان بە مافە ڕەواکانیان بنرێت ... بڕوانە «ف - بلنیسکی دەربارەی ڕەخنە وەرگێڕا - جلال تقی - 1971/ هەروەها گۆڤاری «بەیان» 1976 - گفت و گۆیەك لە نێوان بلینسکی و گۆگۆلدا - کامەران عبدالرحمن .

18 - محمود العبطة : ماهو الفولكلور العراقي - التراث الشعبي - بغداد - 1969/ عدد ص 6 .

19 - ایله هولتکرانس - قاموس مصطلحات الاثنویولوجیا والفولكلور . ترجمة . د . محمد الجوهری و د :- حسین الشامی . قاهرة 1973 ص 28 .

• ڤان گنب - 1873 — 1957 - زانای فۆلکلۆری فەرەنسی - توانایەکی زیرەکانەی خستەکار لە ڕووی یەك بەستنی کۆمەلایەتی و ئەتنولۆژیاو فۆلکلور بەناو بانگ ترین نووسینەکانی ئەم زانایە (دروست بوونی حیکایەت و دەروازەیەك لە فۆلکلۆری فەرەنسی سەردەمدا - — 1946 1943 .

20 - ی . م ئەرانسکی · پیشەکی یەك لە فیلەلوژی ئێرانی / موسکۆ 1960 ل 39 «بەزمانی ڕووسی» .

• نوردوخانی جەلیل ... سالی 1967 توانی پلەی دوکتۆرا لە مەلحەمەی قارەمانی کورد «خانی لەپ زێرین» وەرگرێ .

21 - هەر لەگەل کردنەوەی بەشی کوردی لەلینیگراد 1956 زانایانی وەکو «کوردۆییف سوکەرمان م . ڕۆدینکۆ نوردوخانی جەلیل . ژمارەیەکی زۆر کاری فۆلکلۆرو لێکۆلینەوەیان - بلاوکردەوە .

22 - قەناتی کوردۆییف : کۆمەلە تێکستی فۆلکلۆری کوردی - بەغدا 1976 ل 10 .

23 - د . جەمال نەبەز - کورتە مێژوویەکی کورد ناسی لە ئەلەمانیادا گۆڤاری کۆری زانیاری کورد بەغدا 1974 بەرگی دووهەم ل 430 .

24 - سالی 1933 مامۆستا اسماعیل حەقی شاوەیس بۆ یەکەم جار کتێبێکی لە ژێر ناوی «قسەی پێشینان - گوستاو لوبۆن» لە بەغدا دەرکرد وە مەعروف جیاوگ سالی 1938 کتێبی «هەزار بێژو بەند»ی لە بەغدا چاپکرد . سالی 1957 شێخ محمدی خال پەندی پێشنیانی لە بەغدا چاپ کرد «چاپی یەکەم» .

25 - شەفەق : بەغدا 1958 ژمارە دوو «کوردو فۆلکلۆر» سالی 1960 لەلایەن تۆفیق وردی ئەم زاراوەیە بەکار هات پاشان لەلایەن عوسمان شارباژێری ئەم زاراوەی بۆ ئەدەبە سەرزاری یەکە بەکارهێناوە بەتایبەتی لە گۆڤاری - بڕوا - سالی 1960 - ژمارە (— 14 — 15 — 16 12 — 13) لە ژێر ناو نیشانی «فۆلکلۆری کوردی»دا .

تایەر تۆفیق «گۆرانی و هەلپەرکێ» کە لە سالی 1967 دەری کرد ... لەسەر هەر گۆرانی یەك نووسیویەتی «فۆلکلۆر» .

- ڕەمزی قەزاز - لە «داستانی دوو پالەوان - فۆلکلۆرێکی کوردی» سالی 1969 - نوری عەلی ئەمین «لە فۆلکلۆری کوردی یەوە» چەند چیرۆکێکی فۆلکلۆری کۆ کردۆتەوە .

بێجگە لەو گۆڤارو ڕۆژ نامانەی کە وتاری ئێجگار زۆریان تیا بلاو کراوەتەوە ..

چ کۆکردنەوە چ لیکۆلینەوە .. ئەو بابەتانەی کە بە زۆری لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بلاو ئەکرێتەوە .. بریتی یە لە «گۆرانی - پەندو - قسەی نەستەق - مەتەل - داستان»و بەشەکانی تر زۆر بەکەمی بلاو کراوەتەوە .

28 - نەقابەی مامۆستایانی لقی هەولێر «سەرنجێك لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە» بەغدا 1969 .

29 - شێخ جەعفەر بەرزنجی - چەند مەلۆیەك لە شارای فۆلکلۆری کوردی سلیمانی 1969 - ل 33 - 36 .

30 - أ - د . عیزەدین مصطفی - الواقعیة في الادب الكردی - بیروت 1966 ص 28 — 50 .

ب - د . عیزەدین مصطفی - ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی - لیکۆلینەوە بەغدا 1970 .

31 - محمد کریم شریف - فۆلکلور هۆنراوەی کوردەواری 1974
هەروەها - سالح علی فۆلکلۆری یاری و وەرزشی نەتەوەی کورد 1974
هەروەها سوارچاکی لە لاوکی کوردەواری دا - 1978 .

- عومەر شێخەولا دەشتەکی - پەندی کوردی (1972) - داستانی و گۆرانی 1978 .

32 - عبدالخالق حسین کوردو علی پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی فارسی / مۆسکۆ 1973 . ل 7 .